# مشتومڕی لایەنە شیعەکان لەسەر سەرۆکوەزیرانی عێراق

08-12-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و دڵنیابوونی لایەنە شیعە ناڕازییەکان لە شکستهێنانی هەوڵەکانیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کێبڕکێی سیاسییەکان لە دەوری چۆنییەتی پێکهێنانی حکومەت و دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیران چڕ بوونەتەوە.

یاسین تەها

پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و دڵنیابوونی لایەنە شیعە ناڕازییەکان لە شکستهێنانی هەوڵەکانیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کێبڕکێی سیاسییەکان لە دەوری چۆنییەتی پێکهێنانی حکومەت و دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیران چڕ بوونەتەوە.

بەگوێرەی دەستور، لیستی زۆرینە کاندید پێشکەش دەکات، بەڵام هێشتا یەکلایی نییە ئاخۆ سەدر دەتوانێت پارێزگاریی لە پێشەنگیی لیستەکەی بکات (74 کورسی) یان ڕکابەرە شیعەکانی دەتوانن سەرکێشی بکەن و پێکەوە هاوپەیمانییەکی لەو گەورەتر هەر لەناو پێکهاتەی شیعە دروست بکەن. سێبەری ئەم دابەشبوونە کە دوو دیدی سیاسی دژیەکیان هەیە لەبارەی حکومەت، بەزەقی باڵی بەسەر ئەو دیدارەی کۆتایی هەفتەی ڕابردووش کێشا کە بە نێوانگری ئێران و مەرجەعیەتە کارا سیاسییەکانی شیعە لە ماڵی هادی عامری ڕێکخرا و بەشێوەیەکی کاتی مەترسی پێکدادانی دوورخستەوە.

سەدر کە هەڵگری دروشمی حکومەتی زۆرینەیە، لەو خوان و کۆبوونەوە گرژەشدا هەر هەمان پێشنیار و پێداگریی کردووە، لە کاتێکدا لایەنە شیعەکانی دیکە داوای هاوپشکی و حکومەتی سازان دەکەن کە بەجۆرێك لە جۆرەکان بازدانە بەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. بەهۆی بەریەککەوتنەکانی تری پێشووی نێوان سەدر لەلایەك و  مالیکی و خەزعەلی لەلاکەی تر، دیدارەکە بەئەنجامێکی ڕوون کۆتایی نەهات و بڕیارە گەڕی دووەمی لە ماڵی سەدر لە حەنانەی نەجەف بکرێت. باوەڕێکی زاڵیش هەیە کە ئەمجارەیان مالیکی بەشداری نەکات، چونکە لەماڵی عامری خەریکبوو لەگەڵ سەدردا دەمەقاڵە و هەڵدانەوەی گرێ کۆنەکان خوان و هەنگاوەکەیان بۆ ئاشتەوایی تێکبدات.

حکومەتە پێشنیارکراوەکەی سەدر ناوی لێنراوە "زۆرینەی نیشتمانی"، لەمەشدا ناوبراو پاشەکشەی کردووە لەوەی حکومەتێکی "سەدری پەتی" یان سەرۆکەکەی لە ڕەوتەکەی بێت، وەك ئەوەی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن پێداگری لەسەر دەکرد، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەدر بایی ئەوەنە پێگەیشتووە لە ئەزموون و سیاسەت کە سەرۆکوەزیرانێکی سەدری جگە لە ڤیتۆی ڕکابەرەکانی، خاڵی زۆری لە دابەشکردنی پۆست و وەزارەتەکان بۆ ناهێڵێتەوە. هەروەها دەیکاتە لێپرسراوی ڕاستەوخۆش لە بارگرانی و کێشە کەڵەکەبووەکانی عێراق و لە داهاتوودا چی دیکە دەرفەتی ئەوەی نابێت خۆی بدزێتەوە و ڕۆڵی واعیز یان ڕەخنەگر ببینێت. ڕکابەرەکانیشی کە ئەوە دەزانن و لەوەشدا سەرکەوتووبوون کە بە تەنها بیهێڵنەوە، دەیانەوێت زیاتر پەلکێشی بکەن بۆ خوارەوە و لەسەر بنەمای سازان پۆست و جومگە گرنگەکانی حکومەتی لەگەڵدا بەش بکەن.

ئەم هێزانە کە ئێستا لەسەر شوناسی سەرۆکوەزیران و بنەمای پێکهاتنی حکومەت لە مشتومڕدان، ئەوەش لەبەرچاو دەگرن کە دانانی سەرۆکوەزیران مەرجە ڕەزامەندی ڕوون و کۆتایی ئێرانی لەسەر بێت و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هەبێت، هەروەها دەبێت لای مەرجەعیەت ناپەسەند نەبێت و ڤیتۆی نەجەفی لەسەر نەبێت. جگە لەوەش ئەوە تاڕادەیەکی زۆر یەکلاییە کە ڤۆناخەکە سەرکێشی هەڵناگرێت و، دەبێت کاندیدەکە تاقیکراوەی پۆستی حکومی و کەسێکی ناسراو بێت و پاش کاندیدکردنیشی بۆ سپیکردنەوەی پرۆسەکە ڕەزامەندی و پشتیوانی زۆرینەی کورد و سوننە هەر گرنگن بۆ ئەوەی مۆرکی نیشتمانی وەرگرێت.

ئەم پێدراوە ڕوونە دەرەکییانە لەگەڵ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ئێستادا لیستی کاندیدەکانی سەرۆکوەزیرانی کورت کردووەتەوە بۆ کۆمەڵێك ناو کە ئەو مەرجانەیان تێدایە.

ئەگەر سەدر پێداگرییەکەی بباتە سەر و حکومەتی زۆرینە دروست بکات کە گۆڕانکارییەکی جومگەیی دەبێت لە پرۆسەی سیاسی نوێی عێراقدا، ئەوە کازمی یەکێك لە دیارترین کاندیدە بەردەستەکانە. لەلایەك پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دەرەوەی عێراق هەیە، لە لاکەی تر پشتیوانییەکی زۆری لە سەدرەوە هەیە، زۆرینەیەکی کوردی و سوننەش لەسەری ڕازین. هەر لەناو شیعەشدا ئەگەر هەیە حەکیم و تاڕادەیەکیش عەبادی پشتیوانی بکەن، بەڵام گرفتی سەرەکی بەردەم کازمی ڤیتۆی فەتح و مالیکی و گروپە چەکدارەکانە کە هەڵوێستی ڕاگەیەنراویان گۆڕینی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەیە بەتایبەت کازمی کە زۆربەی کاتەکانی 15 مانگی بەر لە هەڵبژاردنی بە بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوەیان بەسەر بردووە. گرەوەی پشتیوانانی کازمیش لەسەر ئەوەیە تاران کە لە دانوستانی ئەتۆمی گیردەخوات، ناچاربێت بە سەپاندنەوەی کازمی بەسەر باڵەکانیدا لە عێراق، چونکە بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی کەنداو پێویستی پێیەتی، بەڵام تائێستا

بەرەی کازمی بەرچاویان ڕوون نییە کە چۆن مالیکی ڕازی بکەن.

بژاردەی هاوئاست یان پاش کازمی، حەیدەر عەبادییە. ناوبراو پرۆژەیەکی ئامادەی تاقیکراوەی بەردەستی شیعەکانە، سەرۆکوەزیرانی سەردەمی شەڕی داعش و گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانە بۆ ئامێزی ناوەندگەرایی بەغدا، ئێستا لەبەرەی "هاوئاهەنگی شیعەیە"، لە هەمانکاتیشدا لەگەڵ سەدر پێشینەی کاری هاوبەشی هەیە و پەیوەندییەکانیان ئاساییە، بەڵام کێشەی سەرەکی عەبادی ڤیتۆی مالیکی و کێشە کۆنەکانییەتی لەگەڵ حەشد، بەئەگەری زۆریش زۆرینەی کوردی بەتایبەت پارتی، لەسەری ڕازی نابن، گەرەنتی ئەوەش نییە سوننەکان پشتیوانی بکەن بەتایبەت کە هەندێکیان (عەزم) لەگەڵ مالیکی پەیوەندی و هاوپەیمانێتییان هەیە.

مالیکی کە براوەی دووەمی شیعەیە (33 کورسی) لێی ڕوونە گەڕانەوەی بۆ سەرۆکایەتی وەزیران لە مەحاڵەوە نزیکترە، بەڵام بە پێداگریکردن لەسەر کاندیدبوون دەیەوێت ڕۆڵی لە دیاریکردنی بەربژێری پۆستەکە هەبێت بەجۆرێك ئەگەر لە گروپ و دەستوپێوەندەکانی خۆی نەبێت وەك محەمەد شیاع سودانی یان کەسێکی تر، ئەوا کەسێك نەبێت کێشەی بۆ دروست بکات یان دۆسییەکانی هەردوو ویلایەتەکەی (2005_ 2014) هەڵبداتەوە کە جگە لە خەرجکردنی دەوروبەری یەك ترلیۆن دۆلار بودجە، زەقترینیان کەوتنی 1/3 ی خاکی عێراقە بەدەستی داعش.

بەمدوایانەش محەمەد تۆفیق عەلاوی لەهەوڵدایە، چانسی خۆی زیندوو بکاتەوە، پاش ئەوەی ڕاسپاردنەکەی بە شکستهێنان لە دروستکردنی حکومەت کۆتاییهات(2020)، هەندێك کەسایەتی دیکەی هاوئاستی ئەویش وەك عەدنان زورفی پارێزگاری پێشووتری نەجەف و ئەسعەد عیدانی پارێزگاری بەسرە هەر خەون و چاوەڕوانی و جموجوڵیان هەیە، بەڵام ئەمانە پاڵپشتی و چانسی زۆریان لە ناو لیستە شیعەکان نییە تا ببنە ڕکابەری گەورە.

لەدەرەوەی کەسایەتییە حکومییەکانیش، ناوی فایەق زێدانی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری زۆرجار ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام زانیارییە دزەپێکراوەکان باس لەوە دەکەن، ناوبراو پۆزشی هێناوەتەوە لە ڕکابەریکردن و خۆ پاڵاوتن، چونکە نایەوێت پۆستەکەی لەدەست بدات کە سەنتەری چارەسەرکردنی کێشەکانی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانیشە، بەمدواییانەش لە ڕێگەی دادوەرانی کۆمیسیار و دەستەی تەمیزەوە، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کۆنترۆڵ کرد کە جومگەیەکی هەستیار و گرنگە.

تەنانەت ئەگەر شیعەکان لەناو خۆیان لەسەر بەربژێرێك یەکلایی بوونەوە و کورد و سوننەشیان ڕازی کرد، هێشتا ئەمە یەکسان نییە بەوەی بەبێ کێشە تێپەڕ بێت، چونکە لەم دووساڵەی دواییدا، ڕای شەقام و خۆپیشاندەرانیش بوەتە پێوەر لە دیاریکردنی سەرۆکوەزیران و 2018 لە گۆڕەپانەکانی مانگرتن نیشانەی (X) یان لەسەر فلێکسی کارەکتەرە سیاسییە پێشنیارکراوەکان دادەنا. ئێستاش لەوانەیە لەهەر دەرفەت و هەلومەرجێکدا خۆپیشاندەران سەرهەڵبدەنەوە و سیناریۆی سەردەمی عەبدولمەهدی دووبارە بکەنەوە.